

# رێبەری دارایی

ئامادەکردنی
دەشتی صدیق محمد

2015

# ڕێبەری دارایی

ئامادەکردنی : مصگفی

2015

# فەرهەنگ( الفهرست )



| ژ | ناوەرۆك | لاپەرە |
|---|---|---|
| 1- | بەشی یەكەم :- كارگێری دارایی لە رێكخراوەناحكومیەكان | 5 |
| 2- | بەشی دووەم :- رێكخستنیکار | 10 |
| 3- | بەشی سێیەم: ئامادەكردنی میزانیەو پلاندانان | 14 |
| 4- | بەشیچوارەم : راپۆرتیدارایی | 22 |
| 5- | بەشیپێنجەم : پاراستنیبنچینەنەگۆرەكان(الٲصول اليابتە) | 27 |
| 6- | بەشی شەشەم : بەرێوەبردنی كاری ووردبینی لەژمێریاری | 31 |
| 7- | بەشی حەوتەم : سیستەمی ژمێریاری یەكگرتوو | 35 |
| 8- | هاوپێچەكان | 39 |

# پوختەیەک لەسەر پرۆژەکە:

بەرفراوانکردنی بەشداریی لە ڕێی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە (بەشدارییپێکردن) بریتییە لە پرۆژەی پتەوکردنی بەشداریی کۆمەڵگەی مەدەنی/هاووڵاتی کە سێ ساڵ دەخایەنێت. پرۆژەکە لە لایەن ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی (USAID) دارایی دەکرێت و لە لایەن ڕێکخراوی مێرسی کۆرپ و یەکێتیی هاوبەشەکانی-ەوە جێبەجێ دەکرێت کە بریتین لە ئینتەرنیوس (Enternews)ی ئەمریکی، بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مە-دەنی (ICNL)، ڕێکخراوی دەستەکانی مهیرەبانی (MH) و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO).

ئامانجی پرۆژەکە بریتییە لە کارکردن لەسەر سیستەمە دیموکراسییەکان عێراق بەرەو بەشدارپێکردنی زیاتر و چووستی زیاتر لە ڕێی کاری کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بە مەبەستی قووڵکردنەوەی بەشداریی هاووڵاتیان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا. لە سەرجەم قۆناغەکانی پرۆژەکەدا، (بەشدارییپێکردن) جەخت دەخاتە سەر پشتگیریی دەستەپێشخەرییەکان بۆ: بەرفراوانکردنی بەشداریی چالاکی هاووڵاتیان لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموکراسیی عێراقدا، و پتەوکردنی توانا ڕێکخراوی و دەستگاییەکانی چەند ڕێکخراوێکی سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی. هەروەها بە مەبەستی زیاترکردنی کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر دروستکردنی بڕیارەکانی سیاسەتی گشتیی و چاکترکردنی ئەو ژینگە یاسایی و ڕێکخراوی و تواناییەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری تێدا دەکەن، هەروەها بۆ سوود وەرگرتن لە پسپۆڕی و شارەزایی کۆدەستەیی زیاتر لە نۆ ساڵ کاری ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری هاوکاریی مەدەنیی عێراقییەکان کار دەکەن، ئەو عێراقییانەی کە جەنگەکان زیانێکی گەورەی پێگەیاندوون.

# بەشی یەکەم

## کارگێری دارایی لە ڕێکخراوەناحکومیەکان :

تیایدا باسمان لەگرنگی دارایی لەڕوانگەی ڕێکخراوەیی، وهەروەها باسی شێوازەکانی چاودێری دارایی وپڕەنسیپە سەرەکیەکانی کارگێری دارایی وبنەماکانی کردووە بەم شێوەی خوارەوە :-

### کارگێری دارایی چی یە ؟

1- ژمێریاری زمانی مامەڵەکردنە، زمانی کاروباری ژیانی ئابووری وکۆمەلایەتی ودارایی یە تایبەتمەندە بە تۆمارکردنی پەیوەندیە ئابووری ودارایی یەکان بەزانستی ژمارەکان.

2- کارگێریدارایی تەنها بریتی نیە لە تۆماری ژمێریاری، بەڵکو بەشێکی سەرەکیە لە بەرێوەبردنی پرۆگرامێکی دیاریکراوکە دەبێت بدرێتە کەسانی پسپۆروشیاو، پێکهاتووە لە دانای پلانی گونجاو چاودێری کردن ورێکخستنی سەرچاوەدارایی یەکانی ڕێکخراوەکان.

### هۆکارەکانی گرنگی سیستەمی کارگێری دارایی

هەرچەندە ڕێکخراوەناحکومیەکان لەجیهانێکی پڕلەگۆرانکاری بەپەلە کاردەکەن چەندەها ئاستەنگی رووبەڕوبوونەوەی تیادایە کە والەبەرێوەبەرکان دەکات بۆبەردەوامی وکارکردن سیستەمی کارگێری دارایی پێشکەوتووبەکاربهێنن، بەلآم تاوەکو ئیمرۆ هەست بە نا پرۆفیشنالی بەکارهێنانی ئەم سیستەمە دەکرێت چونکەجێگای‌بایەخپێدانەبووە بەهۆی لاوازی پلانی دارایی ونەبونی سیستەمی چاودێری دارایی بەتواناوپوختە لەم

رێکخراوانە، چونکە بەکارهێنانی تەندروست بۆئەم سیستەمە دەبێتە هۆی :-

1- جێبەجێکردنیپابەندبونەکانی کارگێری بەرامبەربە خاوەنی بەرژەوەندیەکان وبەدەستهێنانی باشترین ئامانج .

2- رێگاخوش دەکات بۆلایەنی دۆنەرکە بەدواداچوون بکات بۆکاری رێکخراوەکان ودەبێتە هۆی دروست بوونی متمانە لە نێوانیان.

3- لەپێشبرکێی بەردەوامیەت وبەدەستهێنانی پرۆژەکان ڕیزبەندی سەرەکی دەدرێتە رێکخراوەکانی کاربەم سیستەمە دەکەن.

رێکارییەکانی کە سیستەمی کارگێری دارایی دەیانگرێتە بەربەمەبەستی پاراستنی کاری داریی رێکخراوەیی رێگردەبن لە بەهەدەردانی لەمانەی خوارەوە پێك دێت :-

- بەرێوەبردنی سەرچاوە نادرەکان (**الموارد الشحيحه**)
- ڕوبەروبونەوەی مەترسیەکان
- بەرێوەبردن لەسەربنەمای ستراکتۆری کار ( پلان ، جێبەجێکردن وبەدواداچوون )

## چاودێری دارایی چیە ؟

ناوەرۆکی کارگێری دارایی چاودێری یە، تیایدا وێنەی بەکارهێنانی سەرچاوەداراییەکانی رێکخراو دەکێشرێت ودەبێتە هۆی رازیبونی دۆنەرە وسوودمەند،بە پشت بەستن بەسیستەمە داراییەکان.

هەرکاتێك چاودێری دارایی لە رێکخراو لاواز بێت رێکخراوڕووبەروی ئەمانەی خوارەوە دەبێتەوە :

1- سەرچاوەداراییەکانی روبەڕووی دزین ولێدان وبەکارهێنانی خراپ دەبێتەوە


2- پارەی رێکخراوبەکاردەهێندرێت بەپێچەوانەی ئامانجەکانی

## کێن ئەمانەی بەرپرسن لە یەکەی کارگێری دارایی لەرێکخراو؟

بۆئاشنا بوون بە بەرپرسانی یەکەی کارگێری دەبێت لەسەرەتادا بزانین رێکخراوی ناحکومی چی یە؟ بۆیە دەڵێین ئەمانەن کە لەسەرەتای دروست بوونیان لەسەربنەمای چەندین بەهای مرۆیی کاردەکەن وباوەرییان بە قازانج نیە تیدەکۆشن بۆ چاککردنی دۆخی ژیانی سوودمەندان وسەربەخۆن، لەچەندین خۆبەخش وکارمەندی بەگرێبەست پێکهاتوون.

بە پێی یاساکارپێکراوەکانی ئەم وولآت وهەرێمەی لێی دامەزراوون پێکهاتوون وخۆیان گونجاندووە، خاوەنی کەسایەتی معنوی خۆیانن وپەیڕەوی ناوەخۆ کارەکانیان رێك دەخات کە ناووئامانج ومەبەست لەدامەزراندنی تیایدا رەنگی داوەتەوە، شێوازی هەیکەلەتی رێکخراو جۆرەکانی لێپرسینەوەی رێکخراوەیی تێدایە.

هەروەها رێژەی ئەندامانی دەستەی کارگێری وکارمەندانی تێدا دارێژراوە کە پێك دین لە دەستەی جێبەجێکارو بەشی کارگێری ودارایی رێکخراوکە پێك دێن لە یەکەی دارایی (بەرپرسی دارایی وژمێریارو ئەمینی کۆگاکان وئەمینی خەزنە (الصندوق) وووردبین)یەکەی سەرچاوە مرۆیی یەکان،وەبەشیپرۆژەکان هەرهەمویان بەرپرس دەبن لە پاراستنی کارگێری دارایی رێکخراو بە پێی دەسەلاتەکانیان کە بۆیان دیاریکراو بەپێی رێنماییەکانی رێکخراو.




## مەبدەئە سەرەکیەکانی کارگێری دارایی چین ؟

بۆدیاریکردنی خالەبەهێزولاوازەکانی ڕێکخراوە یی لەرووی دارایی کەبریتین لە( خۆراگری،لێپرسینەوە،شەفافیەت،بەردەوامیەت، تۆمارەکان،سەرپەرشتیاری،بنەماکانی ژمێریاری ) بەکاردەهێندرێن.

## بنەماکانی کارگێری دارایی چین ؟

بریتین لە تۆماری ژمێریاری وپلانی دارایی وچاودێری دارایی وشێوازەکانی چاودێری ناوخۆی ڕێکخراو . وەك لەم شێوە بەیانیەی خوارەوە بۆمان دەردەکەویت :




## ئامرازەکانی کارگێریدارایی ؟

بریتین لە چوار ئامراز بەم شێوەی خوارەوە باسی دەکەین :-

( ڕێکخستن ، پلان دانان، چاودێری، بەدواداچوون )

- پلان دانـان : برگـەکی سـەرەکی کـاری بەرێوەبردنـە بـەئامادەکاری بـۆ داهـاتوو لـە رێگـای کۆشـش وخوێندنـــەوەی بەرێوەبـــەرەکان بـــۆ پێشـهاتەکان و دانـــانی پـــلان وەرگرتنی بریاری گونجاو بۆئەم مەبەسـتە وەك ( پلانـی ئیسـتراتیژی ، موازەنـە، پلانی بەریوەبردنی کار...هتد)
- رێکخسـتن : بـۆ جێبـەجێکردنی سـەرجەم پلانـەکان بـە جـوانترین شـێوە دەبێـت هەماهـەنگی لـەنێوان سەرچـاوەکانی رێکخـراو وکارمەنـدەکان وخۆبەخشـەکان و پێداویستیەکانی چالاکی وبەرپرسیارەتی بەکارهەڵساوەکان وکـات وسـات بکرێـت . وەك (ئامـادەکردنی رێبـەری دارایـی، یاسـاسـەرەکیەکان، وێنـەی بیـانی چـالاکی وکارەکان ...هتد)
- چاودێری : لـەپاڵ دوو ئامرازەکـانی سـەرەوە چـاودێری کـردن بـۆ مسـۆگەرکردنی جێبـــەجێکردنی کردارەکـــان بـــە باشـــترین شـــێوە پێویســـتە. وەك ( دەســـەلاتە بەخشراوەکان، موازەنە، بەراوردکردنی تۆمارەکان، وردبینـی نـاوەکی ودەرەکـی بـۆ مێریاری ...هتد)
- بەدواداچـوون : بەمەبەسـتی گەیانـدنی زانیاریـەکان بۆلایـەنی پەیوەنداربـەرێك وپێکی لەکاتی گونجاودا وبەراوردکردنی کارەئەنجام دراوەکان بە پلانە دارێژراوەکە ودەسـت نیشـانکردنی خالـە لاوازەکـان ووەرگرتنـی رێگەچـارەی پێویسـت . وەك (راپۆرتەکانی پرۆژەکان، راچۆرتی وردبینی ژمێریاری ...هتد).

# بەشی دووەم / ڕێکخستنی کار :

لەبەشی دووەمی ڕێبەرەکە باسی هۆکارەکانی شیکردنەوەی گرنکی سیستەمی دارایی گونجاو بۆکاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان وسیستەمی ژمێریاری بەهەردووشێوەکانی وڕێبەری دارایی وجۆرکانی تکالیف دەکەین بەم شێوەی خوارەوە :-

## دانانی سیستەم :

لەڕوانگەی زانستی دارایی بەهەردوو بەشی ژمێریاری دارایی وژمێریاری کارگێری، کارگێری دارایی گرنکی دەدرێت بەدارێژراوەی شیکاری بۆ سیستەمی دارایی، کە پێك دێت لە :

- هێلکاری ڕێکخستەی سیفاتی فەرمانبەر
- شێوازی ژمێریاری دارایی
- پلانی سالآنەی دارایی

## ڕێبەری دارایی

**مەبەست لە زانستی ژمێریاری کارگێری وژمێریاری دارایی چی یە ؟**

- **ژمێریاری دارایی** : ئەم زانستەلە سیستەم وڕێکاریە ژمێریاریەکانی بەدواداچوو بۆئالۆگۆڕی دارایی ونەقدی نێو ڕێکخراوەکان ودەستەکان دەکۆلیتەوە، تیایدا دەتواندرێت تۆماری دارایی بەدەست نوسی وبەشێوازی نوێی ئەلیکترۆنی بپارێزرێت، دەبێت ئەم زانستە پەیوەست بێت بە ڕێککەوتن وبنەماکانی سەردەمی کارپێکراو لەکاری ژمێریاری وپشت ببەستێت بە ئەزموون وسەرچاوەبەردەستەکان لە قەبارەی ئالۆگۆڕی دارایی وجۆرەکانی وچۆنیەتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتە دارایی یەکان لەکات وساتی خۆی کە دەکەوێتە بەردەستی شەریکەکانی ڕێکخراو لەدەروە بۆیە دەبێت ئەم ڕاپۆرتە بە ووردی ومتمانە بنوسرێت.

- **ژمێریاری کارگێری** :ئەم زانستە سەرجەم ئەم زانیاریانەی زانستی ژمێریاری دارایی وەردەگرێت وبەراورد لە نێوان میزانیە ی پێشنیارکراووپەسنکراوودەرئەنجامی راپۆرتەکان دەکات ، دواتر کاردەکات بۆشیکردنەوەی زانیاریەکان بۆوەرگرتنی بریاری تایبەت بە چارەسەرکردن وپەرەپێدانی لەلایەك ولەلایەکی تر پلان بۆچاودێری دادەنێن ، وەئەم راپۆرتانەی ئەم زانستە کەدەردەچن بۆ ناوەخۆی رێکخراودەبێت کە بەشێوەیەکی وەرزی ودەوری دەبێت بەپێی سیستەمی دارایی رێکخراوەکان.

## کامەیە ئەم سیستەمەی کە دەگونجێت بۆکاری رێکخراوەیی ؟

لەبەرجیاوازی کاری رێکخراوەکان بە پێی بوارەکان واپێشبینی دەکرێت لەسەرەتا کەسیستەمی ژمێریاریی جیاوازیان هەبێت، بەلام لەگەلْ ووردبونەوە لە زانستی دارایی وبەگەرانەوە بۆ یاساکانی کارپێکراو لە ناوچەی دامەزراندن باشترین وگونجاوترین شێواز بەرجەستەدەکرێت بە پشت بەستن بەم خالآنەی خوارەوە :-

- هەیکەلیەتی رێکخراو
- چالاکیەکانی رێکخراو
- قەبارەی ئالوگۆری دارایی رێکخراو
- کاتی پێشکەشکردنی راپۆرت
- سەرچاوەکانی دارایی ومرۆیی رێکخراو

## لائیحەی ژمێریاری چی یە ؟

لائیحەی ژمێریاری رێکخراوەکان جیاوازن، تیایدا سیستەمی دارایی خورددەکرێتەوە بەکورتی وبەپوختی وەك دەستپێك،لائیحە پێکهاتووە لە ناوی بابەتەکان، ژمارەی بابەت، ئەم ئاراستەیەی کە کردارە بیرکارییەکەی لێ دەکری، جۆری ژمێریاریەکە وەك ( لقەکانی بەندی گشتی وبەندەتایبەتیەکان بە بەرێوەبردن، فەرمانبەران) .

## تێچووەکان ( التكلفه ) چین ؟

یاخود ژمێرکاری لەسەربنەمای پێدان (تمویل)، زۆرجار پێدانی پارە لەلایەن دۆنەرەکان بۆچەند مەبەستەکی دیاریکراودەبێت ناتواندرێت بەکاربهێندرێت بۆکارێکی تر، بۆیە دەبێت ووردکاری بۆئەم برە پارەیە بکرێتبە حسابێکی تایبەت، کەتیایدا رێکخراوبتوانێ راپۆرتی ژمێریاری بۆلایەنی دۆنەر بنوسێ بەجیاوازلە راپۆرتی دارایی وژمێریاری ساڵانە.

## جۆرەکانی تکلفه چین ؟

دەکرێت تێچووەکان دابەش بکرێت بۆ دوو جۆر، گرنکی ئەم دابەش کردنە دەگەرێتەوە بۆئەوەی بەرێوەبەرەکان دەتوانن بەئاسایی سەرچاوەکانی بەردەستیان رێك بخەن وپلان دابرێژن بۆجیبەجێکردن وچاودێری بەپێی پێویست، وەك لەخوارەوە هاتووە :-

- تێچووە راستەوخۆکان –ئەم خەرجیانە دەگرێتەوە کەراستەوخۆ بۆبابەتەکی چالاکی دیاریکراو بەکاردێت، وەك بەکرێگرتنی هۆلی راهێنان بۆنمونە دیارە لەکام شوێنی تێچووەکان جێگای دەکرێتەوە.
- تێچووە ناراستەوخۆکان - ئەم خەرجیانە دەگرێتەوە کەراستەوخۆ بۆبابەتەکی چالاکی دیاریکراو بەکارنایەندرێت بەڵکو بۆچەند کاری جیاوازی رێکخراو، وەك بەکرێگرتنی نوسینگەی (ئۆفیسی) رێکخراو بۆنمونە.

## ڕێبەری دارایی چی یە ؟

رێکخراوەکان پێویستیان بە دارێژتنی چەندین سیاسەت ورێکاری دارایی هەیە، بۆئەوەی بەکاربهێندرێت رۆژانە لەلایەن فەرمانبەرانی ژمێریاری بەمەبەستی خۆدورگرتن لە هەلەکانی ژمێریاری، هەروەهادەکرێت وێنەی ئەم رێبەرە داراییە لەلای بەشی پرۆگرام بەکاربهێندرێت بۆبەدواداچوونی پرۆژەکان لەرووی ژمێریاری.

**ئەم ڕێبەرە ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆی ئەگرێت :-**

- ئەم ڕێککارییە ژمێریاریانەی کە لە ڕۆژانە بەکاردێن.
- لائیحەی ژمێریاری وهێماکانی.
- شێوازەکانی ڕێگەپێدان **(التفويج)** بۆدەستنیشانکردنی ئەرکەکان.
- دانانی میزانیە وڕێککارییە کارگێریەکانی.
- ڕێککارییەکانی لیژنەی کرین وفرۆشتن.
- ڕێککارییەکانی کارەکانی بانك وسیولە **(النقديه)**.
- ڕێککارییەکانی ژمێریاری کارگێری وکاتەکانی پێویست بۆئەنجامدانی ئەم زانستە.
- سەرمووچەوپاداشتی فەرمانبەران.
- پێداویستیەکانی سالآنەی ووردبینی ژمێریاری.
- ڕێنماییەکانی سلوکی فەرمانبەران وئەندامانی ئەنجوومەنی ئەمینداران.

## ئامادەکردنی پلانی کار؟

چەندین ئەرك وڕێککاری روژانە لەنێوسیستەمی دارایی جێگایان دەبێتەوە، بۆیە پێویست بە ڕێکخستنی ئەرکەکان دەکات کە لەماوەی ساڵێك ئەنجام دەدرێن. بۆنموونە وەك ( ڕێککاریەکانی ژمێریاری دارایی) و(ساتەکانی پێشکەش کردنی راپۆرت) و( پەسندکردن وئامادەکردنی میزانیەی پێشبینی کراو).

# بەشی سێ یەم / ئامادەکردنی میزانیە و پلان دانان :

**"چینیەکان دەڵێن بێهیزی لە بێ پلانی دایە" ..**

لــەم بەشـــەدا کــرداری پــلان دانـــان و پەیوەنـــدی بـــە کـــارگێری دارایـــی ، وجۆرەکـــانی میزانیەوکاتەکانی بەکارهێنانی دەخەینە روو بەم شێوەی خوارەوە :-

پلانی دارایی هاوشانی ستراکتۆر بە بەدەستهێنانی ئامانجەکان بەنـدە، کاردەکـات بـۆ دارێـژتنی پلانـــی اســـتراتیجی دوورخایـــەن بـــۆ بەدەســـتهێنانی تـــەمویل وکارلەسەرپێشـــبینیە کـــورت خایەنـەکان دەکـات لـە دارێـژتنی میزانیـەکان. بۆیـە موازەنـاتی ڕاسـت ودروسـت دەرخسـتەی پلانی ڕێکخراون.


## هەرەمیەتی پلان دانان چی یە ؟

ڕێکخـــراوە ناحکومیـــەکان بەمەبەســـتی بەدەســـتهێنانی ئامـــانج کاردەکـــەن، کـــە لـــەنێو پلانـــی ئســـتراتیژی شـــێوازی بەدەســـتهێنانەکەی باســـی لێکـــراوە، لەهـــەمان کاتـــدا پلانـــی ئیســـتراتیژی لەچـەند بنەمایـەك پێـك دێـت وەك ( رۆئیاودروشـم ، ئـەرك وئامـانج) هـەروەك لـەخوارەوە باسیان دەکەین ولە وێنە هێلکاریەکە دەردەکەوێت:-

- رونیا : خۆی لەئامانجە دورخایەنـەکان دەگرێتـەوە، بـەمانای هەرکێشـەیەکی تـەعجیزی دوور کە ڕێکخراوەکان بەتەنها کاربۆچارەسـەری دەکـەن وەك کـاری نەتەوەیـەکگرتوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی لە جیهان.
- ئـەرك : زۆرینـــەی ڕێکخراوەکـان بـەیانی ئەرکـەکانی خۆیـان دەکـەن وەك بەشـێك لـە پەراوی داواکاری دامەزراندنیان، تیایدا مەبەستی ڕێکخراو شیدەکرێتەوە بەگشتی.
- ئامـانج : ئامانجـەکان بـەردی بناغـەی بەدەسـت هێنـانی ئەرکـەکانی ڕێکخـراو، چـونکە ئامانجەکان ئاراستەی ڕێکخراوەکان بەرەوخالێکی مەرکەزی دەبات لـەکاتێکی دیـاریکراو، بۆیە دەبێت تایبەتی بێت وقیاس بکرێت وواقیعی بن وکاتی دیاربێت (smart) .

## =ستراتیژ چی یە ؟

ستراتیژیەتی ڕێکخراوەکان قۆناغ وڕێگاکانی بەدەستهێنانی ئامانجەکان دەردەخات.




## پلانەکان چین ؟

پلان دابەش دەکرێت بۆ چەند پلانێکی فەرعی درێژ وتایبەتمەندتربۆچالاکی یاخود کاریاخود پرۆژە جیاوازەکان، کە تیشك دەخاتە سەر دەسکەوتە کورت خایەنەکان کە بۆماوە ی سالێك دەبن بۆنمونە لە ماوەی کاری ڕێکخراو لە نێو پلانی ئیستراتیژی درێژخایەن ودەکەوێتە ژێر چاودێری وبەدواداچونی سەرجەم یەکە ئیداریەکانی ڕێکخراو، هەرئەمیش دەبێتە بناغەی دانانی میزانیەی ڕێکخراو.

قۆناغی بەدواداچون تایبەتمەندی خۆی هەیە لە پلانی دارایی چونکە دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی بابەتەکانی کە وەك پلانەکەی پێشنیاری کردبوو ئەنجام نەدراون، وهاوکاردەبێت بۆ وەرگرتنی ڕێگاچارەی نوێ بۆئەنجامدانی بەشێوەکی ڕێك وپێك لەداهاتوو بە پێی قاعیدەی ( پلان دابنێ ، جیبەجێ بکە وبەدواداچوونی بۆبکە).

## میزانیە ؟

بڕێك لە پارەیە ڕێكخراوەكان كۆی دەكەنەوە بەمەبەستی خەرج كردنی لە كات وساتێكی دیاریكراو لە پێناوبەدەستهێنای ئامانجێكی دیاریكراو.

## گرنگترین ئەركەكانی میزانیە ئەمانەن :-

1- داڕێژتنی پلان : پلانی دارایی بۆجێبەجێكردنی پرۆژەكان گرنكی خۆی هەیە چونكە دەبێتە هۆی ئەوەی كە بەڕێوەبەرەكان كارەكان ئەنجام بدەن لە چوارچێوەی بری پارەی بەدەستهێناو.

2- كۆكردنەوەی داهات : میزانیە یەكێك لە داخوازییە سەرەكیەكانی ڕێكخراوەكان دەبێت لەكاتی گفتۆكوكردن لەگەڵ لایەنی دۆنەر، ڕێكخراوەكان هەوڵی بەدەستهێنان وبەكارهێنانی دەدەن بە پێی سیاسەتی ڕێكخراوەكەیان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانج.

3- جێبەجێكردنی پڕۆژە : پێداویستیەكان والە ڕێكخراوەكان دەكەن میزانیە بەدەست بهێنن بۆئەنجامدانی پرۆژە، وە پرۆژەكان بكەوێتە ژێر چاودێری دارایی ئەویش لە ڕێگای بەراوردكردنی تێچووەكان بە تێچووە پێشنیاركراوەكانی میزانیە، بەلەبەرچاوگرتنی پێداچوونەوەی بەردەوام دوای دەستپێكردنی پرۆژەكان.

4- هەڵسەنگاندن : موازەنە وەكو ئامرازێكە هەڵسەنگاندنی سەركەوتنی پرۆژەكانە دوای كۆتایی هاتنی، وەلەكاتی پرسیاركردن لەسەر سەركەوتن وسەرنەكەوتنی پرۆژەكە هەڵسەنگاندن وەلاّم دەردەبێت.

## کێن ئەمانەی بودجەیان پێویستە ؟

(ئەنجومــەنی ئەمینــداران، بەرێوەبەرەجێبــەجێکارەکان، بەرێوەبــەری پرۆژەکــان، فەرمانبەرانی دارایی، لایەنی دۆنەر، شەریکە ناوخۆییەکان)

## جۆرەکانی بودجە ؟


- بودجەی داهات و خەرجییەکان - بەمەبەستی بەرەوپێش چوونی کاری رێکخراوەیی پێویستە موازەنەی داهات وخەرجییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام ئەنجام بدرێت ئەمیش چ مانگانە بێت یاخود وەرزی یاخود شەش مانگ جارێك یاخود سالآنە، تیایدا شوێن ولایەنی سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی داهات وخەرج کردنی ئاماژەی پێدەکرێت.

- بودجەی سەرمایە **(رأس المال)** - سەرجم یەکە جولاوونەجوولاوەکانی رێکخراون **(الآصول الپابتە والمنقولە)** کە بۆیەك جاردەیانکڕی ودەبنە خەرجیە سەرەکیەکان ودوبارە نابنەوە، وەك و ( ئوتۆموبیل ، کەل وپەلی ئۆفیس، کۆمبیوتەر، نوژەنکردنەوەی باڵەخانە).

- بودجەیتەدەفوقی نەقدی **( التدفقات النقدیە)** - تیایدا بری پێشبینیکراوی نەقدی کەدێتە ناورێکخراووبرِی دەرچووی سالآنە شیدەکرێتەوەوبەرامبەردەکرێت لەسالێکدا، لەکاتی دابەشکردنی موازەنەی رێکخارو لەسەربنەمای مانگانە ولەرێگای ئەمەش برِی پارەی کورت هاتوودەستنیشان دەکرێت .

## هێڵكاری بودجە :

بەمەبەستی ئاسانكاری پلان دانانوراگرتنیموازەنەوچاودێریكردنی میزانیەكان لەسەربنەمای ژرۆژەكانی كاركردن ڕێكخراوەكان پێویستیان بە دانای هێڵكاری موازەنە دەبێت، وەك ئەم نموونەی لەخوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:-




## ئامادەكردنی میزانیە ؟

میزانیە ئامادەكرن وەكو راهێنان وایە، تیمێكی ڕێكخراو دەیگرێتە ئەستۆ ئەوانیش یەكەی دارایی ڕێكخراون تیایدا چەندین پرسیاری گرنك دەخرێنە روو وەك :-

- پێداویستیەكانی پرۆژە چین ؟
- چالاكیەكانی یاریدەدەربۆسەركەوتنی پرۆژەكە چین ؟
- سەرچاوەپێویستەكانی جێبەجێكردن چین ؟
- لەكوێ سەرمایە پەیدابكرێت؟
- دەرئەنجامەكان ؟

دوای وەرگرتنی فەندو جێبەجێکردن وەڵامی سەرجەم ئەم پرسیارانەی سەروە دەدرێنەوە

نموونەی شیکاری :-.

**نموونەی روودی هەرزەکار کەدەیوست بچێتە سینەما**

لەرۆژێك ودووای کۆتایی هاتنی فوتابخانەکەی گەرایەوە مالـەوەوداوای لـە خانەوادەکـەی کـرد کـە 10 دۆلاری ئەمریکی پێبـدەن تـاوەکو بچێتە سـینەما بـۆ بینینـی نمایشی فلیمێکـی نـوێ، دواتـر خانەوادەکی داوای لی دەکەن بۆیان شی بکاتەوە ئەم برە پارەیە چۆن بەکاردەهێنێ؟

**مەبەستی روودی :** ساتێکی خۆش بەسەرببات

**چالاکیەکان :** چوون هاتن بە باص بو بینینی نمایشەکە ، نان خواردنی ئێوارە، بینینی فلیمەکە

**میزانیە :** 2 جاربەکارهێنانی باص * 75 سەنت

3.5 نرخی ساندویجەك هەمبرغەر

3 دۆلار نرخی بلێتی سینەما

<u>کۆی گشتی پارەکە = 8 $</u>

لـەکۆتایی دایکـی روودی پلانەکـەی قبـول کـرد بـەلام تـەنها 8 دۆلاری پێـدا؟ بـۆ؟؟ ئایـا دەکـرێ روودی رووبەروی گرفت ببێتەوە دواتر لەکاتی ئەنجامدانی پلانەکەی ؟

**بیرکردنەوەو ئە نجامدانی کرداری تەندروست لەکاتی دانای میزانیە پێویستی بە :**

1- بەرچاوروونی هەبێت (مەبەست) مان چیە لە نوسینی ئەم پرۆژە.

2- دابەشکردنی کات (Time table).

3- بەندەکانی بودجە– بۆئەوەی لە کۆتایی راپۆرتی میزانیەی رێکخراو وەك تۆماری ژمێریاری دەربچێت پێویستە سەرجەم بابەتەکانی بە تەندروست تۆماربکرێت لە داهات وخەرجیەکان.

4- پێشهاتەکان – پێویستە بەنـدێکی ئیمێرجنسی دانەنـدرێت لـە دەرەوەی میزانیـە بەتەنهاچونکە زۆرجار قبول ناکرێ لەلایەن کەسی دۆنـەر بـەلام پێویست دەکات لە نێو میزانیە جێگای بۆ بکرێتەوە.

5- خەرجیەکانی کە وەکو پێشهات لەدەرەوەی موازەنە دەبن وەك ( بانگەوازو بلاّوکراوەکان، هاتن وچوونی ئامادەکاری پرۆژە ، وێنەگرتن وتەوسیق کردن، ووردبینی ژمێریاری لەلایەن شارەزایان).

**بەکورتی دەبێت میزانیەی تەندروست :**

**بەئاسانی بخوێندرێتەوە**

**ژمێریاری روون وئاشکرابێت**

**سەرجەم تەکالیفەکانی تێدابێت وگوماناوی نەبن**

**تێبینی شیکردنەوەی لەگەڵ بێت بۆبەندەکانی**

**نمونەی هێلکاری :**

| ژ | یەکە | جۆر | ژمارە | چەند (کمیە) | تێچوو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چالاکی TOT | | | | | |
| 1.1 | کرێ | هۆڵ | 3 رۆژ | 1 هۆڵ | $50 | $150 |
| 2.1 | پاداشت | راهێنەر | 3 رۆژ | 2 کەس | $100 | $600 |
| 3.1 | کرێ | خواردن | 3 رۆژ | 25 کەس | $15 | $11125 |

## پێشهاتەکانی پرۆگرامە پاڵپشت کراوەکان لەلایەن چەندین دۆنەر لەداناى میزانیە :-

ئەم دیاردە دەکرێت رووبەروی رێکخراوەکان ببێتەوە کاتێك بیرۆکە پێشنیارکراوەکان جێگای متمانەی چەندین دۆنەر دەبێت ، بۆیە چەندین کێشە دێنە پێش لەکاتی دانانی پلانی دارایی بۆنمونە وەك ئەمانەی خوارەوە :-

- هەر لایەنەکی دۆنەر پلانێکی تایبەتی هەیە بۆ راپۆرتی دارایی .
- ناوی بەندێك بەچەندین شێواز دووبارەدەبێتەوە ( هاتن وچوون یاخود کرێی ئوتۆمبێل، کرێی بەکارهێنانی ئوتۆمبێل) بۆنمونە .
- سیاسەتی دارایی دۆنەرەکان دیارنیە چەند بەندی میزانیە پەسند دەکەن یاخود چۆن ؟
- دەکرێت سیاسەتی دۆنەرەکان جیاوازبێت بۆنموونە ( پارەی TOT لە چالاکی بەدواداچوون وهەڵسەنگاندن زیاتربێت).

بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە کە رووبەرووت دەبێتەوە پێویستە ئەم رێگاچارانە بگریتە ئەستۆ بۆنمونە :

- ئاماژە بە لائحەی رێنماییەکان بە تێروتەسەلی بدە وەك ئەوەی لەبەری ئەوەی بلێی ( هاتن وچوون) ئاماژە بکە لە بەندی تایبەت بە کرێی هاتن وچوون .
  - بە گۆرینی روون وبەنزینی ئوتۆمبێلەکان.
  - کرێی هاتووچۆی باڵەفر .
  - چاککردنەوەی ئوتۆمبێل .

- تێچووە ناراستەوخۆکان لە ژێر تێچووە راستەوخۆکان بنوسە بۆنموونە وەك
  - کرێی نوسینگە و مووچەی بەرێوەبەر .

# بەشی چوارەم / را پۆرتی دارایی :

تیایدا باسی ئەمانە دەکەین کە داواکاری راپۆرتی داراییین ، راپۆرتی سالآنە وشیکردنەوەی ژمێریاری ، پێشکەشکردن وچۆنیەتی بەکارهێنانی راپۆرتی دارایی دەکەین بەم شێوەی خوارەوە :-

## کێن ئەمانەی داواکاری را پۆرتی داراییین ؟

دوابەدوای دارێژتنی سیستەمی ژمێریاری رێکخراو وموازەنە، قۆناغی ئامادەکردنی راپۆرتی دارایی رێکخراو دێت کەدەبێت لەکات وساتی دیاریکراودەربچێت وپەیوەنداربێت بە کاری ژمێریاری ودارایی، راپۆرتی دارایی پێویستە بۆئەم کەسانەی رێکخراوبەرێوەدەبەن هەروەها بۆلایەنی دۆنەر.

## ژمێرکاری سالآنە :-

ئەم جۆرە ژمێریاریە لە کۆتایی سالّ ئامادە دەکرێت ولەماوەی چەند هەفتەیەك دەدرێتە ووردبینی لەدەرەوەی رێکخراو، بۆیە زورجار لە پەیرەوی ناوخۆی رێکخراو ئاماژەی پێدەکرێ. بۆیە دەبێت :

- رێکخراوبە وێنەیەکی جوان دیاربکات.
- یارمەتی دەربێت لە پێداهەلگوتن بەرێکخراو.
- لەقەدەرویستی ئەم لایەنانە بێت کە بەکاری دەهێنن.
- جێگای رەزامەندی ووردبینی یاسایی بێت.

لەکۆتایی ژمێرکاری سالآنە ئەگەردەرکەوت رێکخراو خاوەنی سەرمایەکی زێترە لە داهات وخەرجیەکانی ئەوا دەریدەخات کە رێکخراو خاوەنی سەرچاوەی زۆرە ودەبێتە هۆی بەرەوپێرهاتنی زیاتری دۆنەرولایەنە پەیوەندارەکان بۆهاوکاری کردنی بە کاروپرۆژەی نویّ.

## شیکردنەوەی ژمێریاری :

لەکاتی شیکردنەوەی میزانیەی گشتی دەبێت شیکردنەوەی دارایی بۆ ئاراستەو(إتجاهات) وریژە یی(نسب) بکەین بەم شێوەی خوارەوە :-

1- شیکردنەوەی ئاراستەیی : لە دووگروپ لە ژمارەی کۆکراوە پێك دێت کە لەرێگای تەکنەلوجیای ژمێریاری بەرجەستە دەکرێن، لەدووکاتی یەك لەدوای یەك بۆنمونە لە دووسالّی لەدوایەك وبەراوورد دەکرێن بەیەکتر بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئاراستەی داهاتووی ئەنجامەکانی رێکخراو.

2- شیکردنەوەی ریژەیی : بۆکارە بازرگانیەکان بەکاردێت زیاتر لە کۆمپانیاکانی قازانج وزەرەر رێکیان دەخات وسوودوقازانجی ئەم کۆمپانیایانە دەردەخات، لەرێکخراوە ناحکومییەکان شوێنی نابێتەوە لەراپۆرتی دارایی .

## ئامادەکردنی را پۆرتە کارگێرییەکان :

بەرێوەبەروبەرێوەبەرایەتیەکان پێویستیان بە راپۆرتی دارایی یە لە ماوەی سالێکی دارایی دا، بۆیەواباشە راپۆرتەکان مانگانە بێت لە رێکخراوە گەورەوخاوەن پرۆگرامەکان یاخود بۆماوەی شەش مانگی بێت بەمەبەستی وەرگرتنی بریاری پێویست دەربارەی چارەنوسی رێکخراوەکان بۆداهاتوو لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەی دەستەی کارگێری ئەمانیش لەرێگای زانینی قیاس وخەرجیەکانی چالاکیەکان دەبێت .

## را پۆرتی خەرجییەکانی نەقدی :


ئەم راپۆرتە بریتی یە لە وەرگیراوەکان ودەرچووەکان **(المقبوچات والمودفوعات)** ولەگەلّ سەرجەم ئەم زانیارییە نوێیانەی کە پەیوەندی بە خەرجییەکانی داهاتووهەیە لەگەل پلانی کۆکردنەوەی داهات.ئەم جۆرە راپۆرتە رێگا بە بەرێوەبەرەکان دەدات کە بیر لەپرکردنەوەی ئەم کورتیەی کەدەکەوێتەسەربوودجە بۆجیبەجێ کردنی سەرجەم التزامەکانی رێکخراو .

## ڕا پۆرتی( الاستپنائی ) :

لەبەرسەرقالی ستافی بەڕێوەبردن وکارلە ڕێکخراوەکان، زۆرستەمە کە کاتی تەواویان هەبێت بۆخوێندنەوەی سەرجەم ڕاپۆرتەکە بۆیە بەباش دەزانرێت کە ڕاپۆرتەکان بەشێوەیەکی کورت وپەخت بێت، بۆیە ئەم جۆرە ڕاپۆرتە کە بەشێوەیەکی **استپنائی** دەبێت وهاوپێچی ڕاپۆرتی ژمێریاری وکارگێری دەبێ، کەتایبەتە بە بەرزترین وزەقترین تێبینی کە مایەی سەرنجی بەڕێوەبەرەکان دەبێت. وەدەبێتە هۆی نەخوێندنەوەی بابەتە لاوەکییەکان وکات بەفیڕۆنەدان لەلایەن ستافی کاری ڕێکخراوەکان.

**<u>وێنە بەیانیانیەکان</u>** : ئەمە شێوازێکی تری ڕاپۆرتی ژمێریاریە تایبەت دەبێت بەم کەس وئەندامانەی کە شارەزاییان نەبێت لە زانستی ژمێریاری بۆخوێندنەوەوتێگەیشتن بە ئاسانی تایبەت دەبێت بە (داهات وخەرجییەکان) وەك لە هێلکارییە دەردەکەوێتلەخوارەوە :- لەم وێنە بەیانییەی خوارە قیاسی کاروئەنجامەکان بە موازەنەی ساڵ دەکەین ..

ڕەنکی سوور - موازنە ڕەنگی پەمەیی – قیاسی کارەکان



## پێشکەشکردنی را پۆرت بۆ لایەنی دۆنەر :

لایـەنی دۆنـەر خـۆی کـاری چـاودێری ئەنجامـدەدا چ بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـاخود ناراسـتەوخۆ بەسـەر رێکخراوەکـانی کـە هاوکـاری کـردن بۆپێشـکەش کردنـی پـرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بۆیە چاوەڕێی زانیاری تەواولە رێکخراوەکان دەکەن .

**لێپرسـینەوە** : یـەك لەمەرجـەکانی لایـەنی دۆنـەر ئەوەیـە کـە رێکخراوەکـان هاوکارییـە داراییەکانی لە شوێنی خۆی بەکاربهێنی، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی مسداقیەت لە نێوانیان وەزۆرجار ئەم مەرجە لـە کـاتی گرێبەسـت بەسـتن ئامـاژەی پێـدەکرێت بۆیـە راپۆرتەکان باشترین بەلگەن بۆدلنیایی بوون وبۆبەردەوام بوون لەسەر کاری هاوبەش .

**مەرجەکانی دۆنەر بۆۆ بەدەستهێنانی فەند ( هاوکـاری )** : گرنکـە بزانیـت ئـەو التزاماتانـە چـین دەکەوێتـە ئەسـتۆی رێکخراوەکـەت لـەکاتی داواکردنـی هاوکـاری، بۆیـە دەکـرێ مەرجەکان ئەم بابەتانی لەخۆی بگرێت :

1- راپۆرت لەسەر بەرەو پێش چوونی کارەکان .
2- قەبارەی هاوکاری وچۆنیەتی بەکارهێنانی وبۆچ مەبەست.
3- خەرجییەکانی کارگێری بەگشتی لە چوارچێوەی پرۆژەکان.
4- بەندوبرگەکانی نێو میزانیە یەك لەدوای یەك بەپێی سیاسەتی کاری دۆنەر.
5- گواستنەوەی برە پارەی ماوە لە بەندێك بۆ بەندێکی تری میزانیە **(المناقلە)**.
6- رێگا ژمێرییارییەکان **(گرق المحاسبە)**.
7- ژمارەی بانکی وزیادەکانی **(الفوائد)**.
8- ووردبینی لەلایەن کەسانی پسپۆروتایبەتمەند بۆ راپۆرتە ژمێرییارییەکان.

وەلەهەمان کاتدا دەبێت وریایی ڕێکخراوەکان لەخاڵانەی خوارەوە بێت :

- ڕاپۆرت لەکاتی خۆی پێشکەش بکرێت.
- ژمارەکانی نێو ڕاپۆرتەکە دروست بن ودیاربن .
- ئاگاداری دۆنەر لە کێشە بەرەوڕووهاتەکان بکەوە .

## پێشکەشکردنی ڕا پۆرت بۆ لایەنی سوودمەند :

بەشێك لە ڕێکخراوەکان بایەخ بە سوودمەندەکانیان دەدەن وەکو چاودێرەکی تری دەرەکی بۆ کاروچالاکیەکانیان، بۆیە ڕاپۆرتەکانیان بەگشتی (کارگێری وژمێریاری دارایی) دەخەنە ڕوو بۆیان چ بەشێوەی داتا بێت یاخود وێنە بەیانیاکان ئەمەش بۆئەم مەبەستانەی خوارەو:

- شەفافیەت.
- پەرەپێدانی متمانەی نێوان فەرمانبەری ڕێکخراوەکان وسوودمەندان.
- سوود وەرگرتن لە سەرنجەکانی سوودمەندان بۆ کاری داهاتوو.
- کاراکردنی فەرمانبەرانی یەکەکانی دارایی وژمێریاری بۆهاتنە نێو جەماوەروکەم کردنەوەی هەڵەی نایاسایی دارایی.

**شایانی باسە ئەم جۆرە کارانە ڕووبەرووی ئاستەنگ دەبنەوە، بەڵام بەکارهێنانی بە شێوەیەکی تەندروست دەبێتەهۆی دەسکەوتی زیاتربۆڕێکخراوەکان .**

# بەشی پێنجەم

## پاراستنی بنەماکانی ڕێکخراو

لـەم بەشـــەدا ئامـــاژە بـــە گرنکـــی دانـــانی چـــاودێری نـــاوخۆیی دەکـــەین وتیشـــك دەخەینەسەرمەبدەئەکانی بەخشینی دەسـەڵات وجیـاوازی نێوانیـان وەهـەروەها بـاس لـە گرنکی ڕێکارییە رۆتینیـەکان وکـۆنترۆلکردنی نەقدیـەی ڕێکخراوەکـان دەکـەین لـەکۆتایی باسی چۆنیەتی چاودێری کردنی بنەماکان (**الٱصول**) دەکەین.

### چۆن ڕووبەڕووی مەترسیە ناوخۆیەکانی ڕێکخراو دەبینەوە ؟

مەترسی لەکارەکانی رۆژانەی  ڕێکخراوەکان زیاددەبێ، بۆیە دەبێت ئامادەکاری بکات بۆ رووبەروبونەوەی بەگرتنەبەری چەندرێگا چارەیەك، لەوانە رێگاچارەی چاودێری کـە هێـزی خـۆی لـە پارێزگـاری کردنـی ئـەم کەسـانەی کـە یەکـەی دارایـی بـەڕێوەدەبن لـە ڕێکخراوەکـان و شـەك وگومـان لـەکارەکان لادەبـات.  وەرێگاچـارەکانی چـاودێری نـاوەخۆ دابەش دەبن لەسەر :-

**(ڕێگەپێـدانی دەســەڵات، جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکان، بــەراوردکردنی تۆمارەکــان، کۆنترۆلکردنی نەقدیە)**

**ڕێگە پێـــدانی دەســـەلات ( التفـــویچ )** - لـەڕێکخراوە ناحکومیـە گـەورەکان ئەنجومـەنی ئەمینداران دەسەلاتی جێبەجێکردن دەداتە بەڕێوەبـەری جێبـەجێکار، هـەروەها ئـەمیش ڕێگـە دەداتـە کارمەنـدەکانی بۆبـەکارهێنانی دەسـەڵاتەکان بەمەبەسـتی کـەم کردنـەوەی ئازاروزۆری کارەکان وبەرپوەچوونی کارەکان لەکاتی ئامادەنەبوونی کەسە دەسـەلاتدارەکان لـە ڕێکخراوەکـان. ڕێگەپێـدانی دەسـەڵات پێویسـتی بـە وەرەقەیـەکی پەسـندکراوهەیە

**(وثیقــة)** کەلەلایــەن ئەنجومــەنی ئەمینــداران پەســندکراوە وســاڵانە پێداچــوونەوەی بۆدەکرێت، تیایدا سەرجەم ئەرك والتزاماتەکانی کەسی ڕێگەپێدراو دەنوسرێت لەمانەش.

- داواکاری کرینی پێداویستیەکان وڕێگەدان بە کڕین.
- واژووکردنی چەکەکان.
- ڕێگەدان بە واژۆکردنی گرێبەستەکانی کارمەندان.
- بەکارهێنانی پارەی گەنجینەی ڕێکخراو.
- وردبینی لەتۆمارەکانی ژمێریاری .
- واژۆکردنی ئیلتزاماتە یاسایی یەکان .

**جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکان** - لـەپێناورێگرتن لەگەندەڵیـەکان وکـەم کردنـەوەی خـراپ بـەکارهێنانی سـەرمایەی ڕێکخراوەکـان پێویسـتە مەسـئولیەتەکان جیابکرێنـەوە لـەنێوان دەسەڵاتەکان لەرووی دارایی. بۆنمونە (ئەندامی لیژنەی کرین نابێت خـۆی ژمێریاربێـت) لەهەمان کاتدا، چونکە دەبێتە هۆی لاوازکردنی چاودێری دارایی لەڕێکخراوەکان.

**واژۆکردنــی چــەکەکان** - بـۆرێگرتن لـە هەڵـەکان دەبێـت چـەکی ڕێکخراوەکـان لەلایـەن چەندکەسێك واژووبکرێـت لەهـەمان کاتـدا کـە ڕێـژەیان لـە 2 کـەس کەمترنـەبێت ولـە 5 کـەس زیاترنــەبێت، لــەکاتی نــەمانی هەرکەســێك لەمانــە دەبێــت جێگــرەوەی هــەبێت وناوەکانیان تۆماربکرێت لە لەراپۆرتەکانی دارایی.

**بەراوردکردنی تۆمارەکان** - دەبێت تۆمارەکانی ژمێریاری پاکژبن لەهەڵەی ژمێریاری، لـەم تۆمارانـەی کـە پێویسـتە لـەنێوان کاتـەکان متابەقـەبکرێن ( دەفتـەری ژمێریـاری بـانکی،

تۆمارەکانی چاودێری گەنجینەکان، جەدوەلی راتب وپاداشت وبرینـەکان) بۆنمونـە، وەئـەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرسی سندوق وبەرێوەبەرەکان .

## کۆنترۆل کردنی نەقدیە ( پارە ):

دەبێت ئەم چەند قاعیدەیە لەبەرچاوبگریت بۆ کۆنترول کردنی نەقدیە :

1- جیاکردنــەوەی پارەهاتووەکــان لــە پــارەی ســندوقی رێکخــراو – بەومانایــەی بەرلەوەی ئـەم پارەیـە کـە تـازە هـاتووە لـە سـندوقی رێکخـراو دابنـدرێت دەبێـت داخلـی ژمـارەی حسـابی بـانکی رێکخراوبکرێـت ئینجـا تۆمـاری بکـەیت ودواتـر بەکاری بهێنی.

2- هەمووکات پسوولەی وەرگرتنی پارەکانت هەبێ **(وصل القبج)**.

3- هەمووکات دەبێ رێکخراو پسوولەی بەخشینی پارەی هەبێت **(مستندالدفع)**.

4- پارەی کەلەکەبوو دەبێت لە بەنك دابندرێ.

5- رێکاری پێویست بگرنە بەربۆپاراستنی وەرگرتنی پارە.

6- کلیلی گەنجینە واباشە لەلای یەك کەس بێت کە **(أمین الصندوق)** ە .


7- پابەند بوون بەنزمترین رێژەی مامەلەکردن بە پارە .

## رێکارییەکانی چاودێری دارایی چین ؟

- **هەبوونی گەنجینە :** بۆ پاراستنی پارەوپول وتۆمارەکـان ودەفتـەری چـەکی رێکخراو دەبێت گەنجینەت هەبێت **(قاصە)** .
- **تأمین کردن :** بۆخۆپاراستن لە دزین وسـووتان وشـکان وتێـك چـوونی کـەل وپەلی نوسینگەکان واباشە ئەگەررێکخراوبتوانێ خۆی تـأمین بکـات لەلایـەن لایەنە تایبەتمەندەکان ئەگەرهاتوو ئەم جۆرە سیاسـەتە هـەبێت لـە شـوێنی کارکردنی رێکخراوەکان.

- **پاراستنی بنەما نـەگۆڕاوەکان** :هـەبووە نـەگوازراوەکانی ڕێکخـراو وەك ( زەوی، خانوو، ئوتۆمبێلەکان، کەرەستەکانی نوسـینگەکان) بۆنمونـە زۆرجـار پشت گوێ دەخـرێن ودەبێتـە هـۆی لەناوچـوونیان بۆیـە دەبێـت بپـارێزرێن لەڕێگای تۆماری ڕۆژانەی کەل وپەلەکان تاوەکو لە قیمـەتی **انـدپاریان** کـەم بکرێنەوە سالانە.
- **ڕێکاریـە ڕێگرەکـان:** پێویسـتە هـەر ڕێکخراوێـك لەچوارچـێوەی پـەیرەوی ناوەخۆی ڕێگە بدات بە وەرگرتنی چەندین ڕێ وشوێنی ڕێگر **(رادع)** وەکـو سزا لەبەرامبەر هەر کەم وکوریەکی ئەنجام بدرێت لەلایەن کارمەندەکانی.
- جۆرەکـانی سەرپێچـی کـردن وچـۆنیەتی دەسـت بەسـەرداگرتن وگـەران بەدوایدا .

**لەکۆتاییدا بزانە کە یەك درهەمی خۆپاراستن لەیەك بوخچە پارە باشترە**



# بەشی شەشەم

## بەڕێوەبردنی کرداری ووردبینی لە کاری ژمێریاری :

لەبەشی شەشەم باسی ووردبینی کاری ژمێریاری دەکەین لە تۆمارەکان وسیستەمی ژمێریاری، لە باسکردنی مانای ووردبینی لە ژمێریاری وجۆرەکانی دەست پێدەکەین ولە و ڕاپۆرتی ووردبین وسەرنجەکانی بۆ خۆئامادەکردن بۆ ووردبینی دەرەوەی ڕێکخراوکۆتایی بەبەشەکەمان دەهێنین بەم شێوەی خوارەوە :-

### مانای وردبینی لە ژمێریاری چی یە ؟

وردبینی مانای پێداچوونەوەیە بۆ تۆمارەکانی ڕێکخراو لە چوارچێوە دارایی یەکەی بەشێوەیەکی گشتی کە دەبێتە هۆی ئامادەکردن راپۆرتێك دەربارەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، ووردبینی لە دووجۆرپێك دێت ( ووردبینی ناوخۆ وووردبینی دەرەکی) ئەوەی یەکەمیان بۆبەرژەوەندی ناوخۆی ڕێکخراوەکان دەبێت کە دەستەی کارگێری وئەمینداران سوودی لێوەردەگرن بەڵام ووردبینی دەرەکی لە بەرژەوەندی سوودمەندان ودۆنەرەکان دەبێت. ووردبینی بەمەبەستی بەرەوباش بردنی سیستەمی ژمێریاری ڕێکخراوەکان دەبێت ونابێت ببێتە هۆی ترس ودلەراوکێ بۆ کارمەندانی ڕێکخراوەکان بەمەبەستی بەدیارخستنی شفافیەت ولێپرسینەوە لەلایەك وەلەلایەکی تر بۆجێبەجێکردنی بەندە یاساییەکانی کارپێکراوە کە تیایدا ئاماژەکراوە بە بونی ووردبیینە لەڕێکخراوەکان .

<u>**ووردبینی ناوەخۆ لەڕێکخراوەکان**</u>– لەڕێگای داواکاری ئەندامانی ئەنجومەنی ئەمینداران یاخود دەستەی کارگێری ئەنجام دەدرێت بەپێی سیستەمە دارایی وکارگێریەکانی ڕێکخراودەبێت، راپۆرتی ووردبین تیشك دەخاتە سەرزانیاریە بەدەستهاتووەکان

وتەوصیاتەکانی دەردەکات بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان لەکاتی پێویست چ لەگۆڕانکاری سیستەم وبەرنامە بێت یالە ڕاهێنانی ئەندام وکارمەندان.

**وردبینی دەرەکی لەڕێکخراوەکان**– شێوازی دووەمی وردبینیە لەڕێکخراوەکان وردبین هەڵدەستێ بە بینینی ژمارەوداتا داراییەکان بەپێی بنەما یاساییەکان دەکری لەلایەن کەسی دۆنەرەوە بێ یاخود حکومەت. مەبەست لەم کارە زانینی ئەوەیە کە داهاتی ڕێکخراوەکان بەپێی ڕێنماییەکان لەشوێنی پێویست خەرج کراون وەك لەپەیڕەوی ناوخۆیان داهاتووە.

**دانای وردبین ( المدقق)**– لەلایەن ئەنجومەنی ئەمینداران یاخود دۆنەرەکان دادەمەزرێن بەمەبەستی پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی دارایی وژمێریاری ساڵانەی ڕێکخراو بەمەرجێك ئەم کەسە وردبینە لەدەرەوەی ئەندام ودۆستانی ڕێکخراوبێت، وەواباشەبەهیچ شێوەیەك کاری ژمێریاری لە ڕێکخراو ئەنجام نەدابێت .

## مانای را پۆرتی وردبینچی یە؟

